# کەرکووك‌و پادشایەکی کۆنی*

لەشاری کۆنی (نوزی)دا ژمارەیەك دەقی مێخی دۆزرابوونەوە کە لەیەکێکیاندا ناوی (ئیتخی تێشوپ) **Ithi-Tešup** یاخود ئیتخی تێششوپ هاتووە کە خۆی بە ((پادشای وڵاتی ئارراپخا **Arrapha**)) ناو دەبات‌و لەخوارەوەدا وەرگێڕانی دەقەکەی دەهێنینەوە.

لەبەرئەوەی خانوو بەسەر گردە شوێنەوارییەکەی کەرکووکدا هەن نەتوانراوە پشکنین لە گردەکە (کە پێی دەوترێت "قەڵا") بکرێت بۆیە ئەو دەقانەی لەکەرکووکدا دۆزراونەتەوە ژمارەیان کەمە لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر دەقی مێخی لە (نوزی)ی دراوسێیدا دۆزراونەتەوە چونکە پشکنین لەوێدا کرابوو. ژمارەیەك دەقی ئارراپخاش بەهۆی هەرەسی شوێنێکی گردەکەی دەستکەوتن.

نوزی **Nuzi** نزیکەی (١٥) کیلۆمەتر ڕۆژئاوای باشووری کەرکووکەو لە ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پێش زایین نووسراوەکانی شارەکە ئاشکرای دەکەن کەخورریەکان تێیدا نیشتەجێبوون. دەقەکانی نوزیش بەزمانی ئەکەدی نووسراونەتەوە چونکە زمانی ئەکەدی لەو سەردەمانەدا زمانێکی جیهانیی نووسین بوو.

خورریەکان لە کاتی ئەوپەڕی فراوانیی نیشتەجێبوونیان لە نزیکەی نیوەی ڕووبەری کوردستاندا دەژیان. زووتر لە کوردستانی باکووردا بینراون، پاشان لە نیوەی یەکەمی هەزاری دووەمی پێش زایین لە ناوچەکانی دەوروبەری زێی دوکانداو دوای ئەوە بە نزیکەی سێ سەدە، واتە کاتی دەقەکانی نوزی لە سووریادا و شام بەگشتی دەسەڵاتدار بوون و کاریان لەسەر ئەو ناوچەیە هەبووە. هەرچەندە هەبوونی خورریەکان لە کوردستانی باشوور بەڕوونی لەهەزاری دووەمدا دیارە بەڵام کەسانی خاوەن ناوی خورری لە هەزاری سێیەمدا لە نووسراوەکانی پادشایانی وڵاتی دووڕووباردا دەبینرێن.

وتمان دەقەکانی سەردەمی خورریی نوزی دەگەڕێنەوە بۆ ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پێش زایین، لەکاتێکدا ئەم نووسراوەی ئیتخی تێشوپ لەوە دەچێت کەمێك نوێتر بێت چونکە شێوازی خەتەکانی هی سەردەمی ناوەڕاستی ئاشوورییە[1]. ئەم سەردەمەش لەسەدەی (١٤)ی پێش زایین تا (١١)ی پێش زایین درێژدەبێتەوەو نووسراوەکە خۆی، بەپێی دەستوخەتەکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی(١٢تا ١١)ی پێش زایین.

دەقەکە لەهەموو ڕوویەکەوە؛ پێکهات، شێوە، قەبارە، ناوەڕۆك.. لە دەقەکانی نوزییەوە دوورە[2]، دەشتوانین ئەم دەقە بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی لاوازبوون یان لەناوچوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی میتاننی بەسەر ئەو ناوچانەدا، ئەم دەوڵەتەش، کە "واششوکانی"ی پایتەختی دەکەوتە سێگۆشەی خابووری فورات، لەسەر دەستی ئاشوورییەکان لەناوچوو (بە بەشداریکردنی دەوڵەتێکی ناوچەکە) ئەویش لەکاتی حوکمی پادشای ئاشوری؛ ئاشور ئوبالیطی یەکەم (١٣٦٥- ١٣٣٠ پ.ن) کە وڵاتی ئاشوری لەدەسەڵاتی میتاننی ڕزگار کرد.

ئەو دەقەی ناوی پادشاکەی ئارراپخای تێدایە سەرەتاکەی شکاوە، بەڵام شکاوییەکەی ئەو دەقە بەهۆی مۆرێك کە ناوی پادشاکەی پێوەیەو وەکو لەوحەکە بەهەمان خەتی ئاشوریی ناوەڕاست نووسراوەتەوە تەواو کراوە[3]، بەم شێوەیە دەقەکە ئاوای لێ دێت:

---

* گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١٩، ٥/١/١٩٩٨، ل١٤٢-١٤٥.

[1]**Th.J.Meek, HSS, 10, 1935, reprint.1968, p.xxvi.**

[2]**Ibid.**

[3]**Ibid.**

« ئیتخی تێشوپ Ithi-Tešup کوڕی کیبی تێشوپ Kibi-Tešup، پادشای وڵاتی ئارراپخا ، ... ی ئادادو ئیشتاری ئاغازنم.. هەچ کەسێک ناوم لاببات، با ئادادو ئیشتاری لوبدی نەوەی لەناوبەرن»[1].


نووسراوەکەی ئیتخی تێشوپ، پادشای ئارراپخا
HSS,X,Pl.XCII

ئادادو ئیشتار دوو خوداوەندی وڵاتی دووڕوبارن و لە وڵاتانی تریشدا دەپەرستران. (لوبدی)ش کەوتۆتە دەوروبەری داقووق (تاووق)و لەم دەقەدا بەشێوەی لوبتوخی Lubtuhi هاتووە.

(ئارراپخا)ش بەشێوەی ئارراپخی Arraphi. پاشگری (خی – hi) پاشگرێکی خوررییە.

تێشوپ (تێششوپ) کە لەهەردوو ناوی ئیتخی تێشوپ و کیبی تێشوپ (کیپی تێشوپ) دا هاتووە خوداوەندێکی گەورەی خوررییەکان بوو، کە بەرامبەرەکەی بریتییە لە ئاداد (خوداوەندی زریان و گەردەلوول...).

جگە لەو دەقە مۆری ئیتخی تێششوپ هەیە. لە مۆری یەکەمدا پادشا ڕووی لەلای ڕاست وەستاوەو ئەمانەی تر هەن: پیاوی –دووپشك کە باڵدارەو سەری مرۆڤ و زمانێکی ئاگری هەیەو لەسەر ئەژنۆ چۆکی داداوە، خوداوەندی زریان لەسەر ئەژدیهایەك ئاگر فڕێ دەدات و بروسکەیەکی تیشکدار بەکاردەهێنێت، پیاوی–باڵندە لای کەمەر نووشتاوەتەوە، دێوی–ماسیی باڵدار، گریفینێکی دوو سەر(گریفین ئاژەڵێکی خەیاڵییە نیوەی داڵەو نیوەی شێر)، مێینەی ڕووت، هیلالێك لەشێوەی بازنەی ئەستێرە، دەمامکی دێو. نووسینی سەر مۆرەکەش ئەمەیە:


دوو مۆری ئیتخی تێشوپ، پادشای ئارراپخا

((ئیتخی تێششوپ کوڕی کیبی تێششوپ، پادشای وڵاتی ئارراپخا.ئەم مۆرە بۆ ئەو شتانەی تایبەتن بەوڵات و بەبیناکان.کەس هەرگیز نە(ی-)شکێنێت ))[2].

لەمۆرەکەی تر دوو کەس بەرامبەر هەڵگرێکی ستوونی لەشێوەی هیلالێك و ئەستێرەیەك وەستاون. پادشا لای چەپەو دەستی ڕاستی بەرزکردۆتەوەو ئەوەی تر هەڵگرەکەی گرتووە. نووسینەکە دەڵێت:

(( ئیتخیا Ithiya ، پادشای ئارراپخا، کوڕی کیپپی تێششوپ )).مۆرەکە لەکۆشکی چینی دووی نوزیدا دۆزراوەتەوە[3]. ئاشکرایە ئیتخییا بچووکراوەی ئیتیخی تێشوپەو بۆ خۆشەویستی بەکاردێت. تێبینیی ئەوەش بکە کە ئیتخی تێششوپ لەو سێ نووسینەدا ناوی باوکی دەهێنێت کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە باوکەکەی پادشایەکی ناودارو بەهێز بووە.

لێرەدا باسی پادشاکەی ئارراپخا تەواو دەبێت، دەمێنێتەوە بەکورتی باسی ئارراپخا خۆی بکەین.

ئارراپخا بەچەند شێوەیەك ناوی هاتووە. ئارراپخوم Arraphum (واتە لەگەڵ پاشگری ئوم um ی ئەکەدی) ، ئارراپخا Arrapha ، ئاراپخو Araphu.. تاد، هەروەها شێوەی ئارباخا Ar-ba-ha کە بەراوردکراوە لەگەڵ ناوی هەولێر -Arab

---

[1]Ibid.

[2] ئەمەم لە ئینتەرنێت وەرگرتووە:

http://www.fas.harvard.edu/˜semitic/hsm/FSNuziSeals.htm

[3] سەرچاوەی سەرەوە.

ilu واتە چوار خواوەند (ئەویش لای ئاشورییەکان لەکۆتایی هەزاری دووەم بەدواوە) ، بەواتایەکی ترو بەو پێیە ئاربا – خا واتای چوار – خا دەگرێتەوە[1] بەڵام لەئەسڵدا ئاربا – ئیلو تەحریفە ئەویش لەبەرئەوەی هەولێر بە ئوربیللوم(نووسینەکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور) – Urbillum و ئوربی ئێل – Urbiel (سەردەمی بابلیی کۆن) ناسرا بوو.

وەك دەشزانرێت و زۆریش وتراوە ناوی گەڕەکی (عەرەفە)ی ئێستای کەرکووك لەناوە کۆنەکە دەچێت، واتە لە ئارراپخاوە بۆتە عەرەفە بەڵام ئەو ئیحتمالەش هەروەها هەیە کە ناوەکە لە ئەسڵدا هەروا بووە چونکە دەنگی (ع) لەنووسینی مێخیدا نەبووەو لەجیاتی ئەوە لەوە دەچێت دەنگی (ئێ e) یان دەنگی (خ h) بۆ ئەو دەنگە بەکارهێنرابن. هەروەها دەنگی (ف f) لەو نووسینانەدا نەبووەو ڕەنگە دەنگی (پ – p) ی بۆ بەکارهاتبێ بۆیە دوور نییە هەر لەکۆنەوە ناوی شارەکە شتێکی وەکو (عەرەفخە) یان (ئەرەفخە) بووبێ.

ئارراپخا یەکێکە لەشارە هەرە کۆنەکانی باشووری کوردستان، ڕەنگە لەهەولێریش کۆنتر بێت چونکە لەو سەردەمەی ناوی ئارراپخا دێت هێشتا ناوی هەولێر نەبیسترابوو، یان بابڵێین دەقێکمان بەدەست نەگەیشتووە ناوی بهێنێت.

ئارراپخا (لەگەڵ لوبدی) لەلیستێکی جوگرافیدا ناوی هاتووە. ئەم لیستە ناوی (سارگۆن)ێکی پێوەیە، کە ڕەنگە سارگۆنی ئەکەدی بێ[2] (٢٣٧١–٢٣١٦ پ.ن).

لیستەکە دەڵێت کە ((وڵاتی ئارراپخا Ar-rap-ha لە [...] خا hâ [...] وەیە تاکو لوبدی))[3] واتە وڵاتی ئارراپخا بریتییە لەماوەی نێوان شاری [....] خا تا لوبدی.

ناوی شاری یەکەم تەنیا بڕگەی (خا)ی ماوەتەوە، بەپێی (ڤایدنەر) ناوە تەواوەکە (خابخا)یە [Ha]b-ha-a . ناوی ناوچەی خابخی Habhi (کە پێشتر بە کیرخی Kirhi دەخوێنرایەوە) لەدوای ئەو سەردەمە بەماوەیەکی زۆر دەبیسترێت و نزیکی ئەو ناوچانەیە. بەڵام (فۆرەر) ئەم ناوەی بەکالخا(گومان لە بڕگەی یەکەم هەیە) [Ka]l(?)-ha-a تەواو کردووەو بە کالخو (=پایتەختێکی ئاشوری لە هەزاری یەکەمی پێش زاین)ی زانیوە. ڤایدنەریش دەڵێت ئارراپخا ناگاتە ئەو شوێنە هەروەها شێوەی (کالخا) بۆ ناوی کالخو نەبینراوە[4] .

پاش سەردەمی ئەکەدی ئارراپخا ، بەپێی لیستی سومەریی پادشایان، پایتەختی گوتییەکان بوو. دواتر لەسەردەمی پادشای بنەماڵەی شاری (ئور)ی سومەری شولگی (٢٠٩٤–٢٠٤٧ پ.ن) بەشێکی باشووری کوردستان کەوتە دەستی سومەرییەکان. شولگی لەشکرکەشیی زۆری ڕوودەکردە دەوروبەری کەرکووك وەك سلێمانی و شارەزوورو هەولێر بەڵام لەهیچیاندا باسی ئارراپخا نەکراوە هەرچەندە ناوی لەکەمێك لەدەقی کاتی بنەماڵەکەی (ئور)دا هاتووە[5].

پاش ئەو بنەماڵەیەو لەسەردەمی بابلیی کۆندا دیارە ئارراپخا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو بەڵام دواتر کەوتە دەستی شامشی ئادادی یەکەم ئاشوری (١٨١٣–١٧٨١پ.ن).

لەو میلەش کە بە ئێستا بە "میلی قابرا" ناسراوە[6] پادشای خاوەن میلەکە، کە بۆچوونی بەهێزی نوێتر ئەوەیە شامشی ئادادی یەکەمی ئاشورییە، دەڵێت ئارراپخای گرت و پێی خواوەند (ئاداد)ی ماچ کرد. لەوێشەوە هەڵگەڕایەوە سەرەوەو ناوچەی هەولێرو شوێنی تری گرت[7].

هەر لەو سەردەمەداو لەساڵی یانزەمی پادشای بابل ئامیصادوقا (١٦٣٦ پ.ن) ناوی ئارراپخا لەدەقێکی ئابووریداو بەشێوەی (ئارراپخو) هاتووە[1] بەڵام نازانین ئایا پێشترو لەکاتی حامورابیدا (١٧٩٢–١٧٥٠ پ.ن) دا چارەنووسی ئارراپخا چی

---

[1]RLA, Bd.I, S.154

[2]E. Weidner, Das Reich Sargons von Akkad , in; Afo, 16, 1952-1953, S.2f.

[3]Ibid, S4+12.

[4]Ibid, S.12+Anm.82.

[5]Th. J. Meek, in, RA, 34, 1937, p.66.

[6] لەبارەی میلەکەوە بڕوانە باسەکەی خۆمان:"لەشکرکەشییەك لەدەشتی کەرکووك و هەولێر" لەم کتێبەماندا.

[7] یەکێك لەو سەرچاوانەی دەقی میلەکەیان تێدایە: RISA, p.339 .

بووە چونکە حامورابی شەڕی کردبوو لە دژی ئاشورییەکان و دژی چەند گەل (یان خێڵێکی) کوردستانو بە وتەی خۆی لەو شەڕانەدا سەرکەوتووبوو.

یەکێك لەو گەلانە یان خێڵانە کاکمییەکان (کاکموم، کاکمو، کاکمی، کاکمیّ Kakmum, Kakmu, Kakmi, Kakme بوون کە لەنامەیەکی ئەو سەردەمەدا لەگەڵ خەڵکی ئارراپخوم (ئارراپخا) ناویان هاتووە. نامەکە باسی ئەوە دەکات ئەوانە بەزۆرەوە چووبوونە ماڵەکانی باخەوانەکان و ئەمانەی تر چوونەتە بابل. نێردەری نامەکەش فەرمان دەدات ئەمانە لەو شوێنانە دەربکرێن[2].

ئاررابخا پاش ئەو سەردەمە توانیبووی لە ماوەیەکی دیارینەکراودا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. ئەو هاوپەیمانییەی ئەویش لەگەڵ دەوڵەتی میتاننیدا، کە ئەویش وەکو ئاررابخا دەوڵەتێکی خورری بوو، سوودی بۆ ئاراربخا هەبوو لەوەدا کە لە دوژمنەکانی دەوروبەری، وەکو ئاشورییەکان و وڵاتی بابلی ژێر دەستی کاششییەکان، پارێزرابوو[3]، لەگەڵ بێهێزبوونی دەوڵەتی میتانننیش دەوڵەتی ئاررابخا زۆر لە دەسەڵاتی لەدەست دا[4]. ئەو بێهێزبووونەی دەوڵەتی میتاننی پاش ناکۆکیی ناوخۆیی بوو کە کێشە لەناو بنەماڵەی فەرمانڕەوادا ڕووی دابوو. ئەوە بوو شوتتارنای پادشای میتاننی پەیمانی بەست لەگەڵ ئاشور (کە ڕۆژگارێك بوو لەژێر دەسەڵاتی میتانیدا بوو)و دەوڵەتی ئالزی. پادشای میتاننی ژمارەیەك کەسانی دیاری دەوڵەتەکەی، کە جێگەی ڕەزامەندیی ئەو نەبوون ڕەوانەی هاوپەیمانەکانی خۆی کردن، ڕەنگە وەك بارمتە، بەڵام ئەمان وەریان نەگرتن وناردنیانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، پادشای میتاننیش ئەوانی لەسەر سنگ (خازوق) کوشتنی[5]. یەکێك لە سەرکردە سەربازییەکان ترسا وەکو ئەوان لەناو ببرێت بۆیە خۆیو ٢٠٠ عارابانە بەرەو بابلی ژێر دەسەڵاتی کاششییەکان هەڵهات بەڵام ئەمان خراپ مامەڵیان لەگەڵدا کردن. پادشای کاششی ویستی ماتتیوازا (شاتتیوازا)، کە دیارە لەگەڵ ئەواندا بوو، بکوژێت بەڵام ئەو بەرەو پاشای خاتتی(حیثی) هەڵهات، دواتریش بە کۆمەکی ئەو توانی تەختی میتاننیی دەستبکەوێت. لەم باسانەدا (یانکۆفسکا) لەو بڕوایەدایە کە ناوبراو سەرەتا بۆ وڵاتی ئاررابخا ڕۆشتبوو و لەوێوە بەرەو لای پادشای خاتتی[6].

(کابرا) یەکێك بوو لە شارەکانی ئەو کاتانە کە سەر بە ئاررابخاو شارێکی گرنگ بوو بۆ بازرگانیی ئاررابخاو کە وا دیارە پاش سەرکەوتنی حزبی لایەنگری ئاشورییەکان لە وڵاتی میتاننیدا بوو کە ئەم شارە کەوتبووە دەستی ئاشورییەکان[7]. ڕەنگە ئەم شارە هەر شاری (قابرا) بێت کە لە سەردەمی بابلیی کۆندا ماوەیەك ناودار بوو و کەوتبووە دەشتی هەولێر.

ئاررابخا سنوورێکی نێوان وڵاتی بابل و وڵاتی ئاشور بوو و هەر جارەی لە دەستی یەکێکیاندا بوو. ئاداد نیراریی یەکەمی ئاشور (١٣٠٦-١٢٧٥پ.ز) شەڕی کردبوو دژی پادشای کاششی؛ نازی ماروتتاش و بەسەریدا سەرکەوتبوو، سنووری نێوان بابلو ئاشوریش بەم پێیە دەستنیشان کراو بەشی باکووری وڵاتی ئاررابخاو شاری ئاررابخا خۆی دران بە ئاشورییەکان[8].

پادشای کاششی؛ کاشتلیاشی چوارەم پەلاماری وڵاتی ئاشوری دا لەوکاتەی توکولتی نینورتای یەکەمی ئاشوری (١٢٤٤-١٢٠٨پ.ز) خەریکی جەنگ بوو دژی وڵاتی (نائیری) لە باکووردا، ڕەنگە پادشای کاششی توانیبێتی ئاررابخا

---

[1]J.J.Finkelstein,in; JCS, 9, 1955, p.1.

[2]A.Ungnad, Ein altbabylonischer Brief aus kriegerischen Zeiten; in, OLZ, 1915, Sp.172+ Forrer, RLA, I, S.243

[3]N.B.Jankowska, The Mitannian Šattiwasa in Arraphe,in; Societies and Languages of the Ancient Near East, Studies in honour of I.M.Diakonoff, Warminster, p. 139.

[4]Ibid, p.148.

[5] کوشتن لەسەر سنگ ئەوە بوو ئەو کەسە لەسەر سنگێك (بە عەرەبی "خازوق" دارێکی نووکتیژە) تا مردن دادەنیشێنرا.

[6] هەموو ئەم باسانە لەگەڵ زانیاریی زۆرتر لە بابەتەکەی سەرەوەی یانکۆفسکادا هەیە.

[7]Ibid, p.141.

[8]RLA, I, S.257.

بگرێتەوە[١]، بەڵام پادشای ئاشور سەرکەوتنی بەدەست هێناو ئارراپخا (لێرەدا نووسراوە:ئارراپخی) لەگەڵ شاری تردا بگرێت[٢]و تەنانەت بابلیشی گرت.

پاش توکولتی نینورتا ئارراپخا لەدەستی ئاشورییەکان دەرچوو تا کاتی (ئاداد نیراری)ی دووەم (٩١١-٨٩١پ.ن) کە دەوروبەری ساڵی ٩٠٠پ.ز لەگەڵ وڵات و شاری (لوبدی)دا چوونە دەستی ئاشورییەکان[٣].

ئاداد نیراریی دووەم دەڵێت کە شارەکانی ئارراپخا، لوبدا (واتە: لوبدی)، قەڵاکانی وڵاتی کاردونیاش (=وڵاتی بابل)ی ((گەڕاندەوە بۆ وڵاتی ئاشور)) [٤] مەبەستیشی لەشارەکانی سەرسنووری وڵاتی بابلە. (سپایزەر)یش ئاماژە بە (فۆرەر) دەکات کە ئارراپخا لەساڵانی یەکەمی حوکمی ئاشور ناصیرپالی دووەمدا (٨٨٣-٨٥٩پ.ن) سەر بە بابل بوو[٥].

لەساڵانی دوایەمینی پادشای ئاشور؛ شەلمانەصەری سێیەم، لەمەش وردتر؛ ساڵی (٨٢٧)ی پێش زایین کوڕێکی خۆی لێی هەڵگەڕایەوەو (٢٧) شار لەگەڵیدا دژی پادشا ڕاپەڕین ئەوانیش شارەکانی: داریگا، زابان ، لوبدو، ئارباخا (ئارراپخا)، ئاربائیلو.. تاد[٦]، پادشاش کوڕێکی تری ئەویش شامشی ئادادی پێنجەم (کە دواتر لە٨٢٤ەوە تا٨١١ پادشای ئاشور بوو) ناردە دژیان و پاش چوار ساڵ توانی بەسەریاندا زاڵ ببێت. لەسەردەمی ئاشوردانی سێیەمیشدا (٧٧١-٧٥٤ پ.ن) ئارراپخا یاخی بوو ئەویش لەساڵانی (٧٦١) و (٧٦٠) پ.ز[٧]، حوکمی ئەم پادشایەش ڕێکەوتی سەردەمێکی شێواو بوو، تاعوون بڵاوبووەوەو یاخی بوون زۆر ڕووی دەدا، نەك تەنیا ئارراپخاش بەڵکو تەنانەت شاری ئاشورو شوێنی تریش یاخی ببوون[٨].

ئاشورییەکان پاش بەزاندنی وڵات و شاران حاکمی خۆماڵیی ئەو ناوچانانەیان لەشوێنی خۆیان دەهێشتەوە بەڵام دواییتر ئاشورییەکان فەرمانبەری ئاشورییان وەك حاکمی ئەو شارو وڵاتانە دادەنا.

تیگلات پلاصەری سێیەم (٧٤٥-٧٢٧ پ.ن) ئەمەی زۆر دەکرد، پادشایانی دوای خۆیشی لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوون مەگەر شارو وڵاتەکە دووربێت و وا پێویست بکات فەرمانڕەوایەکی خۆماڵی لەحوکمدا بمێنێتەوە. وەك تەواوکەرێکی ئەم سیاسەتەش چەند ناوچەیەکی بەزێندراویان دەخستە ژێر فەرمانی حاکمی ناوچەیەکی ژێر دەستیان.

بەم پێیە زۆرجار وڵات و شاری بەزێندراویان دەخستە ژێر فەرمانی فەرمانڕەوای ئارراپخا. تیگلات پلاصەری سێیەم کارێکی تری بەرفراوانی دەست پێکرد ئەویش ڕاگواستنی خەڵکی ناوچە یاخیبووەکان. ئەم پادشایە خەڵکی چەند شارێکی بەزێندراوی سەر سنووری وڵاتی ئیلامی بۆ سنوورەکانی دەوڵەتی ئاشور ڕاگواست و ئەوانی خستە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ئارراپخا[٩].

سەنحاریب (٧٠٤-٦٨١پ.ن) لە لەشکرکەشیی دووەمیدا، دژی کاششی و یاسوبیگاللی – **Iasubigalli** (نزیك ناوچەی کرماشان) کە خۆی وتەنی ((لەکۆنەوە چۆکیان نەدابوو بۆ پاشا باوکەکانم)) [١٠] شەڕی کردو دوای بەزاندنیان وڵاتەکەیانی خستە ژێر دەستی فەرمانڕەوای ئارراپخا[١١].

[١] د. سامی سعید الاحمد، فترة العصر الكاشي، سومر، ٣٩. ١٩٨٣، ص ١٤٢.

[2]ARAB, 1, S166.

[3] E.Unger, RLA, I, S.154.

[4]ARAB, 1, S 360.

[5]AASOR VIII, p.17.

[6]ARAB, 1, S715.

[7]RLA, I, S.154.

[8]Weisbach, in; RLA 1, S.299.

[9]ARAB, 1, S789.

[10]A.Heidel, The octagonal Sennacherib Prism in the Iraqi Museum, Sumer, 9, 1953, p. 125.

[11]ARAB, 2, SS 178, 236,278, 305.

لەکاتی ئاشوربانیپالدا (ساڵی ٦٥١پ.ز) براکەی خۆی – کە فەرمانڕەوای بابل بوو – دژی ڕاپەڕی و زۆر ناوچە شوێنی کەوتن، ئەو کاتەش ئاپلا Aplâ(ئاپلای، ئاپلیا) فەرمانڕەوای ئارراپخاو سوپاسالاری ئاشوری بوو دژ بە یاخیبووەکان[1].

حاکمە ئاشورییە ناسراوەکانی ئارراپخاش ئەمانەن: خوبایا Hubaia (٨٢٩ پ.ز) شاماش کومویا (٨١١پ.ز) ئاششور کالابنیشێ (٨٠٢)، بێلیلای Bêlilai (٧٦٩)، نابو – بێل – ئوصور (٧٤٥)، ئیشتار – دوری (٧١٤)، ئاپلایا (٦٥٠)[2] ئەمانەش ئێپۆنم Eponymن واتە ناوی هەر یەکێکیان دەدرا لەساڵێکی دیاۆیکراو، بۆ نموونە ساڵی (٦٥٠) ی پێش زایین لە وڵاتی ئاشوردا بەناوی (ئاپلای) ناسرا بوو. ئاشورییەکان ناوی فەرمانڕەوا یان فەرمانبەری بەرزیان بۆ ناونانی ساڵەکان بەکاردەهێنا.

لەڕۆژانی ئاوابوونی خۆری ئاشورییەکان، پادشای بابلی نابوپلاصەر لە مانگی (ئادارو)ی ساڵی (٦١٦)ی پێش زاییندا لەگەڵ ئاشورییەکان لەوڵاتی ئارراپخادا پێکاچوو و وەکو خۆی دەڵێت ((ئەوانی هەڵدایەوە پشت زێ)) واتە زێی دوکان، پێش چەند مانگێکیش لەمە (مانگی تێشریتو) بەرامبەر لەشکری ئاشور و میسر شکابوو و ڕاونرابوو[3]. لەزستانی ساڵی دوایشدا (مانگی ئاراخسامنو ساڵی٦١٥) پ.ز مادەکان شاری ئارراپخایان گرت[4]، لەوانەشە مادەکان ئارراپخای وێران کردبێت[5].

کەمێك دوای ئەوەو لەکاتی نەبوخەدنەسەر (نابو – کودوری – ئوصور)ی دووەم (کوڕی نابوپلاصەر) ٦٠٤– ٥٦٢پ.ز شاری ئارراپخا سەر بەبابلییەکان بوو[6]. نیرگال شار ئوصور (نیرگیلیسار)یش، چوارەم پادشای بابل، پەیکەری خوداوەندێکی ئافرەت بەناوی (ئانونیتوم)، لەو شارەوە دەگەڕێنێتەوە شاری سیپپار (لەباشووری عیراق)، ئەم بتەش بەر لە(١٧٠٠) ساڵ لەو شارە سومەرییەوە برابووە ئارراپخا لەلایەن گوتییەکان پاش پەلاماردانی سومەرو ئەکەد[7].

شاری ئارراپخا لای یۆنانی و ڕۆماییەکان بە ئارراپاخیتیس ناسرابوو[8]. ئاشکراشە ئارراپاخیتیس گۆڕینێکی ئەوانە بۆ ناوی ئارراپخا واتە لەو سەردەمانەشدا هێشتا ناوی کۆنی ئارراپخا مابووەوە.

لەسەردەمە ئیسلامییەکاندا (یاقوت الحموی) باسی (کەرخینێ)[9]ی کردووە کە لەسەر بەرزاییەکدایەو کەوتۆتە نێوان دەقوقا (واتە داقووق) و هەولێر[10]. دیارە ئەم (کەرخینێ)یە هەر کەرکووکە.

ئایا تا چەند دەتوانین بەراوردی بکەین لەنێوان کەرخینێ و ناوی کیرخی Kirhi یاخود کیلخی Kilhi کە دوو هەزار ساڵ بەر لەسەردەمی (کەرخینێ) سەرچاوە ئاشورییەکان ناویان هێناوە؟

لەوە دەچێت دوو کیرخی هەبووبێت، ئەوەی مەبەستمانە شوێنێکە پادشای ئاشوری ئاداد-نیراریی دووەم (٩١١-٨٩١ پ.ز) باسی دەکات و دەڵێ کە لە قەراغی باشووری زێی بچووکەوە ڕۆشت و سنوورەکانی خاکی لولومی (واتە لوللو) و کیرخی و زاموا Zamua[11]ی گرتەبەر تا دەربەندەکانی وڵاتی نامری Namri( ڕۆژهەڵات یان ڕۆژهەڵاتی باکووری خانەقین).

---

[1]Schawe,RLA, I, S.119.

[2]RLA, I, S.154.

[3]ARAB, 2, S1171.

[4]ARAB, 2, S1173.

[5]RLA, I, S.154.

[6]Ibid.

[7]Ibid.

[8]Ibid.

[9] دەبێت وا بخوێنرێتەوە، واتە پیتی دوایەمین (ێ)یە نەك (ی) چونکە یاقووت دەڵێت (یاء مُمالة).

[10] یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٤، بیروت، ١٩٥٧، ل ٤٥٠. بەڵام دیارە یان (قەلقەشەندی) هەڵەی کردووە کە ناوەکەی بە (الکرخین) هێناوە یان هەڵەی چاپە:القلقشندی، صبح الاعشا في صناعة الانشا، ٤، ل ٣٧٤. ناوەکە لای قەلقەشەندی بێ ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی وتنی نووسراوە.

[11] بەڕای خۆمان پادشا مەبەستی لە شارەزوورە بەتەنیا چونکە وڵاتی لولومی بە جیا ناو دەبات. ناوی زاموا، کە مەبەست لێی وڵاتی لوللوییەکانە، دوای ئەم پادشایە بۆ شارەزوورو سلێمانی و پشدەرو شوێنی تریش بەکاردەهات. ڕەنگە ئەو کاتەش هەروا ئەو هەموو شوێنانەی دەگرتەوە بەڵام وەك وتمان ڕەنگە پادشا مەبەستی تەنها لە شارەزوور بووبێت. دیاریشە پادشا ئەوێی نەگرتبوو.

ئەم کیرخییە چ لەڕووی جوگرافییەوەو چ لەڕووی لەیەکچوونی دەنگەکان لەکارخارەوە نزیکە *(بڕوانە بابەتی: وردە فیرعەونەکان بۆ کارخار)* لە هەردوو ڕووشەوە لە (کەرخینیٚ)وە نزیکە، بەڵام لەلایەکی ترەوەو ئەوەی ئەم بەراوردییە لاواز دەکات ئەوەیە ئەو هێما مێخییانەی ناوی کیرخی (کیلخی) پێك دەهێنن هەروا بە خابخی **Hab-hi** ش دەخوێنرێنەوەو ئەم خوێندنەوەیە نوێترەو پەسەندکراوە. (فۆرەر) کە یەکەم کەس بوو ئەم خوێندنەوەیەی پێشنیار کرد[٢] ئاماژەی بەوە دابوو کە پێویستە کیرخی بە خابخی بخوێنرێتەوە ئەویش بەهۆی چەند دەقێکی ئاشورییەوە کە لە یەکێکیاندا **hab-ha-ia-ú** هاتووەو لەوانەی تر **ha-ab-ha-ia-ú** نووسراوە کە ئەمەش دەریدەخات کە دەبێت هێماکە لەم ناوەدا بە (خاب) بخوێنرێتەوە نەك (کیر) یان (کیل)[٣]. بەڵام ئەم بۆچوونە بیٚ کێشە نییە ئەویش بە پشتبەستن بەم زانیاریانەی خوارەوە.

لەو میلەدا کە لە سەرەوەدا باسمان کردو بە "میلی قابرا" ناسراوە پادشا دەڵێت کە چۆتە (کیرخو)ی ئارراپخا[٤]. هەر لەو سەردەمەداو بەپێی دەقی شەغار بازاڕ کە **É-GAL ki-ir-hi** ی تێدا هاتووە دەبێت بەپێی (دۆسان) کیرخوم بینایەکی گرنگ بێت چونکە **É-GAL** واتە کۆشك پێشی کەوتووە[٥].

(کیرخو)وەکەی ئارراپخاش بەپێی ئۆپنهایم و بەهۆی ئەو قسەیەی لە "میلی قابرا" دا هاتووە ئەو بەشەی شارەکەیە کە پەرستگەکە، لەوانەیە کۆشکەکەش، تێیدا بووە[٦]. وشەی کێرخوم **kerhum** یش هەیە بە واتای قەڵا کە بەرزاییە سەرەکییەکەیە، ئەویش بەپاڵ " شاری نزمتر ":ئادداشوم **adaššum**[٧]. ئەمەش جگە لە هەبوونی شاری کێرخوم (بڕوانە خوارتر).

شارەکانی ئەوساش بریتی بوون لە دوو بەش؛ بەرزایی کە کۆشك و پەرەستگە دوو بەشی سەرەکیی ئەو بەشە بوون و بەشی نزمایی کە خانووی خەڵکەکەی تێدابووە. ئەمەش لەسەردەمە ئیسلامییەکاندا بەقەڵا (قلعة) ناسرابوو واتە جگە لە شوورای چواردەوری هەموو شارەکە، ئەگەر هەبووبێت، شوورایەکی تر لەناو شارەکەدا هەیە کە کۆشكو جبەخانە.. ی جیا کردۆتەوەو ئەمیان قەڵای پیٚدەوترێتو پەناگەی دوایەمینە. جا ئایا وشەی کیرخو سامییەو ئەسڵەکەی (قرع) بێت کەنزیکە لە (قلعة)؟ دەنگی (ع) لەنووسینی مێخیدا نییەو بە (خ) یان (ئ) تەعبیری لێدەکرێت، لەوانەشە بەپێچەوانەوە وشەی (قلعة) لەزمانی ترەوە چووبێتە ناو زمانی عەرەبی. بەپێی (ئۆپنهایم)یش زاراوەی کیرخوش کە لە وڵاتی دووڕووباردا بەکارهاتبوو وشەیەکی سامی نییە دایە[٨].

یەکێکیش لە شارەکانی سەر بە وڵاتی (قابرا) کە ناوی قیرخادات **Qirhadat** ـەو کە لە نامەیەکی (ماری)دا هاتووە خوێندنەوەیەکی نوێی بریتییە لە کیرخوم **Ki-ir-hu-um**[٩]، ناوی شاری کێرخوم **Kerhum** یش لە میلەکەی دادوشادا هاتووە ئەویش لەگەڵ چەند شارێکی تر کە پادشاکە گرتبونی(پاشانیش بەرەو قابرا ڕۆشت)[١٠]. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە خوێندنەوەی (کیرخی) لە جیاتی (خابخی) بۆ ئەو دوو شوێنەی ناویان لە سەردەمی نوێی ئاشوریدا هاتووە (واتە کیرخی و کیرخیی ناوەوە) خوێندنەوەیەکی ڕاستە، بەلای کەمەوە بۆ یەکەمیان کە لەدەشتی کەرکووکدا بوو.

---

[1]ARAB, 1, S360.

[2]A.Goetze,JNES, 12, 1953, p.122, n.72.

[3]Forrer, RLA, I, S.281.

هێمای ژمارە (٤٨٣) لە سەرچاوەی خوارەوەدا کە بە (خاپ – hap) هەروا (خاب) و بە (کیر – kir) و (کیل) دەخوێنرێتەوە: Labat, p.215 .

[٤] لەکتێبەکەی (بارتۆن)دا بەم جۆرەیە: i-na ki-ir-bi-šu واتە (بۆ ناوەڕاستی).

[5]G.Dossin, RA, 66, 1972. p.114.

[٦] لیو ئۆپنهایم، بلاد مابين النهرين، و. سعدي فيضي عبدالرزاق، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨١، ل١٦٠.

[7]ShA 1, p.13.

[٨] ئۆپنهایم، ل ١٦٠.

[٩] بە شێوەی (نصب) هاتووە واتە : کیرخام، بڕوانە : ShA 2, p.16f ئاواش لە هێماگۆڕیندا هاتووە بەڵام (ئایدم) لە وەرگێڕاندا دەیکاتە کێرخوم Kerhum لە جیاتی Kirhim دیارە ئەوەش بەپێی هەبوونی وشەی کێرخوم بە واتای قەڵا، بڕوانە سەرووتر.

[10]ShA 2, p.16.

شایەنی تێبینییە کە وشەی (کەرخ) لە پێکهاتی ناوی چەند شارێك لە سەردەمی ئیسلامیدا هەبووە وەك کەرخینێ یان ئەو (کەرخ)انەی یاقووتی حەمەوی ناویان دەبات کە یەکێکیان (کەرخ جوددان)ـە:"ولاتۆچکەیەکە لە کۆتایی ویلایەتی عیراقە لەدوورەوە بەرامبەر بە خانەقینەو سنووری نێوان دوو ویلایەتی شارەزوور و عیراقە"[١].




١ یاقوت الحموی، معجم البلدان، ٤، ١٩٥٧، ل٤٤٩.